# حوكمی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی سەری ساڵی زایینی و کەسایەتی بابا نویل

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : تاریق مەلا تاهیر بەحرکەیی

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣١ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ﴿ حكم الإحتفال بالعام الميلادي الجديد وشخصية بابا نويل ﴾

« باللغة الكوردية »

إعداد : طارق ملا طاهر

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# حوكمی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی سەری ساڵی زایینی و کەسایەتی بابا نویل

بە بۆنەی سەری ساڵی زایینی لە زۆر لە وڵاتانی جیهان ئاهەنگ دەگێڕن و خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن و شیرنەمەنی دابەش دەکەن، ئینجا وێنەی دارێکی سەوز دەکەن و بە چرا دەی رازێننەوە، پاشان کەسێکی ریش سپی بە بەرگێکی سوور دەهێنن و ناویان ناوە (بابا نویل)...

جا لەو نووسینەدا دەمەوێ تیشکێك بخەمە سەر ئەو بابەتە و لە سێ خاڵدا باسی بکەین:

خاڵی یەکەم: حوکمی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی سەری ساڵی زایینی و پیرۆز بایی لێکردنیان.

خاڵی دووەم: بابا نویل کێیە؟

خاڵی سێیەم: بابا نویل و پەیوەندی بە گەلی کورد.

## خاڵی یەکەم:

پێشەکی تێبینیەك دەخەینە روو، بۆ ئەوەی خەڵکێك بە هەڵە لە قسەکانمان حاڵی نەبێت، ئەویش ئەوەیە:

دیارە ئێمە لەو بابەتەدا لە رووی شەرعیەوە باسی دەکەین، بۆ ئەوەی مرۆڤی موسڵمان تووشی تاوانی گەورە نەبێت و بەرچاو روون بێت لە ئایینەکەی، واتە: ئێمە رووی قسەکانمان دەربارەی موسڵمانانە، نەك بێباوەڕان، چونکە مرۆڤی بێباوەڕو نا موسڵمان هیچ پێویست ناکا پێی بڵێی ئەوە شەرعیە و ئەوەش نا شەرعیە، چونکە ئەو بۆ خۆی بەرنامەکی هەڵبژاردووە، جا راست بێت یان هەڵە، خۆی بەر پرسیارە، خوداش دەفەرموێ: ((وقل الحق من ربكم فمن شاء فليـؤمن ومن شاء فليكفر ...))[1]، واتە: ئەوەی حەز دەکا با باوەڕ بێنێت و ئەوەش حەز دەکا با بێباوەڕ بێت، هەروەها دەفەرموێ: ((لا إكراه في الدين قد تبين الرشـد مـن الغـي ...))[2]، واتە: بۆ وەرگرتنی ئیسلام زۆرە ملێ و تۆبزی کردن نیە، خودای گەورە رێگای ئیسلامەتی روون کردۆتەوە لە رێگاکانی گومڕایی و سەر لێشێواوی...

کەواتە: تۆبزی کردن نیە لە وەرگرتنی ئیسلامدا، دەبێ مرۆڤەکان سەرپشك بن و نابێت زۆریان لێبکرێت و ئازادیان زەوت بکرێت، تەنانەت خوای گەورە ئەو مافەی نەداوەتە پێغەمبەر ((دروودی خوای لەسەر بێت))، هەروەکو دەفەرموێ: ﴿ ولو شاء ربك لآمن من في الأرض كلهم جميعاً أفأنتَ تكره الناس حتى يكونوا مؤمنين ﴾[3]، واتە: ئەگەر پەروەردگارت بیویستبا کە خەڵکی بەزۆری بروا بێنن، ئەوا هەموو ئەوانەی کە لەسەر زەوین تێکرا بڕوایان دەهێنا، جا ئایا تۆ ئەی (محمد)

---

[1] الكهف: ٢٩.
[2] البقرة: ٢٥٦.
[3] يونس: ٩٩.

((درودی خوای لەسەر بێت)) زۆر لە خەڵکی دەکەی تاوەکو بڕوا بێنن؟...

**کەواتە: با کەس بە هەڵە، یان بۆ مەبەستێکی خراپ قسەکانمان راڤە و لێکدانەوەی خراپی بۆ نەکا، ئێمە ئازادی لەکەس زەوت ناکەین خەڵك ئازادە، لە بیرکردنەوە و رادەربڕیندا، وە ئەو بابەتە هەڕەشەکردن نیە لەکەس، بەڵکو روونکردنەوەی شەرعیە بۆ ئەم جەژن و ئاهەنگ گێڕانە، ئێمە ئاینی پیرۆزی ئیسلام وەکو خۆی رادەگەیەنین، خەڵکیش ئازادە وەری دەگرێ یانیش وەری ناگرێ...**

**ئینجا بێینە سەر خاڵی یەکەم و حوکمی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی سەری ساڵی زایینی لە رووی شەرعیەوە روون بکەینەوە:**

**بەڵێ/ بە دڵنیاییەوە دەڵێین: ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی سەری ساڵی زایینی لە رووی شەریعەتی ئیسلامەوە دروست نیە، بە بەڵگەی قورئان و سوننەت و قسەی زانایانی ئیسلام...**

**١. بەڵگەی قورئان:**

**خودای گەورە دەربارەی سیفات و خەسڵەتی بەندەکانی خودا** (عباد الرحمن) **دا دەفەرموێ:** ((والذين لا يشهدون الزور وإذا مروا باللغو مروا كراما))[٤]**، واتە: ئەوانەن کە بە درۆ شایەتی نادەن و هەر کاتێك بەلای جێگای خراپ و کاری نالەباردا بڕۆن، مەردانە خۆی لێ لادەدەن.**

(إبن كثير) ((رەحمەتی خوای لێبێت)) **لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتەدا چەند قسەیەك دەهێنێت و ئینجا دەفەرموێ:** (وقال أبو العالية وطاوس ومحمد بن سيرين والضحاك والربيع بن أنس وغيرهم هي أعياد المشركين...)[٥]**، واتە: ئەوانەی کە ناویان هاتووە لە زانایانی تابعین دەڵێن: لەگەڵ جەژنی هاوبەش پەیداکەرانی دایە، یانی بەندانی خودا ئامادەی جەژنی هاوبەش پەیداکەران نابن، چونکە ئەویش درۆیە...**

**ئینجا** (إبن كثير) **دەربارەی ئەم ئایەتەدا چەند قسەیەکی تریش دێنێ لە تەفسیرەکەیدا، لە ئەنجامدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە یەکێك لە سیفات و خەسڵەتەکانی بەندەکانی خودا ئەوەیە کە شایەتی بە درۆ نادەن و ئامادەی هیچ جێگایەك نابن کە درۆی تێدا بکرێ، جا جێگای درۆ و خراپ زۆرن، لەوانە (هاوبەش پەیداکردن بۆ خودا و بت پەرستی و کوفر، درۆکردن، جێگای قومارو عەرەق خواردنەوە، جێگای قسەی پڕو پوچ، جێگای گۆرانی و سەماکردن ...هتد)...**

**جا لە راستیدا دەتوانین بڵێین: جەژنی سەری ساڵی زایینی زۆر لەمانەی تێدا دەکرێ، ئەگەر**

---

[٤] الفرقان: ٧٢.

[5] **بڕوانە:** (تفسير القرآن العظيم: للإمام الحافظ عماد الدين أبي الفداء إسماعيل بن كثير القرشي الدمشقي (٧٠٠ـ٧٧٤هـ)، متضمنة تحقيقات العلامة محمد ناصر الدين الألباني، خرج أحاديثه محمود بن الجميل، وليد بن محمد بن سلامة، خالد بن محمد بن عثمان، الطبعة الأولى ١٤٢٥هـ ـ ٢٠٠٤م، مكتبة الصفا ـ القاهرة ـ: ٢٥/٦.

هەمووشی تێدا نەکرێ، هاوبەش بۆ خودا پەیدا دەکرێ، زۆر جاریش عەرەقیش دەخورێ، تاوانی گەورەی تێدا دەکرێ، پیاو ژن تێکەڵاو دەکرێن و چەندەها تاوانی تر، بە تایبەتی هاوبەش پەیدا کردن بۆ خودا کە گەورەترین تاوانە، لەو ئاهەنگەدا دەکرێت و بەناوی پێغەمبەر (عیسـى) وە ((سەلامی خوای لەسەر بێت)) چەندەها کاری ناشەرعی و شیرك دەکەن، کە پێغەمبەر (عیسى) (سەلامی خوای لەسەر بێت) لە هەموو لەو کارانە دوورە و پێ رازی نیە...

وە درۆش لە ئایەتە پیرۆزەکەدا ووشەیەکی گشتیە و هەموو کارێك و جۆرەکانی درۆ دەگرێتەوە، کە نابێ بەندەکانی خودا درۆ بکەن و شایەتی بە درۆ بدەن و ئامادەی جێگاکانی درۆزنان بن، هەر بۆیە (إبن کثیر) لە دواییدا دەفەرموێ: (والأظهر من السياق أن المراد لا يشهدون الزور، أي لا يحضرونه، ولهذا قال تعالى: (وإذا مروا باللغو مروا كراما) أي لا يحضرون الزور وإذا اتفق مرورهم به مروا ولم يتدنسوا منه بشيئ)[٦]، واتە: ئەوەی کە روونترە و دیارترە لە ئایەتەکەدا ئەوەیە (لا يشهدون الزور) یانی: ئامادەی درۆ نابن و لەو جێگایانە دانانیشن و بەشداری لەو شتانە ناکەن، کە کاری حەرام و درۆی تێدا دەکرێ، وە ئەگەر بە بێ ویستی خۆیان بە جێگایەکی ئاوادا تێپەڕین، ئەوا دەڕۆن و خۆیان پیس ناکەن بە کاری حەرام.

ئینجا هاوبەش پەیدا کردن بۆ خودا کارێك و تاوانێکی بچووك نیە تا ئێمە خۆمان بێدەنگ بکەین و باسی نەکەین، وە خوای گەورەش رازی نیە بەندەکەی هاوبەش پەیدا بکات، هەروەك دەفەرموێ: (إن تكفروا فإن الله غني عنكم ولا يرضى لعباده الكفر وإن تشكروا يرضه لكم ولا تزروا وازرة وزر أخرى ثم إلى ربكم مرجعكم فينبئكم بما كنتم تعملون إنه عليم بذات الصدور))[٧]، واتە: ئەگەر ئێوە بێ باوەڕ بن، ئەوە خودا دەوڵەمەندە و لە ئێوە بێ نیازە، وە رازی نابێ لە بەندەکانی کە کوفر و بێ بڕوایی بکەن، وە ئەگەر سوپاس گوزاری خودا بکەن، لێتان رازی دەبێ، وە کەس تاوانی کەس هەڵناگرێ لە رۆژی دوایی، پاشان گەڕانەوەتان بۆ لای پەروەردگارتانە، پێتان رادەگەیەنێ بەو کارو کردەوانەی کە کردووتانە، وە خودا لە نهێنی ناو دڵانیش ئاگادارە...

بەڵێ/ یادکردنەوەی پێغەمبەر (عیسى) ((سەلامی خوای لەسەر بێت)) بەوە نابێ چ شتێك خوا و پێغەمبەر ((دروی خوای لەسەر بێت)) پێیان ناخۆشە ئەوە بکرێ لەم بۆنەدا، کە لە راستیدا ئەم کردەوە خراپانەی کە دەکرێ لەم جەژن و یادەدا بوختان کردنە بە پێغەمبەر (عیسى) ((سەلامی خوای لەسەر بێت)) کە بە هیچ شێوەیەك ئەم کارە خراپانەی نەکردووە و دوور بووە لەمانە، وە هەرگیز هاوبەشی بۆ خودا پەیدا نەکردووە.

یادکردنەوەی ئەم پێغەمبەرە بەڕێزو گەورەیە بەوەی دەبێ کە ژیانەکەی بخوێنینەوە لە قورئان

---

[٦] هەمان سەرچاوە: (تفسير القرآن العظيم: لابن كثير ٢٦/٦.

[٧] الزمر: ٧.

و سوننەتدا و پەندو وانەی لێ وەربگرین، نەك چ شتێك ئەو پێغەمبەرە پێی ناخۆش بێت ئەوە بکرێ...

بەداخەوە هەندێ لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە کاتی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی سەرە ساڵی، هەڵدەستن ئەم ئاهەنگ گێڕانە زۆر گەورە دەکەن و بە شانازیەوە باسی دەکەن، وەك ئەوەی جەژنی ڕەسەنی گەلی کورد بووبێ، ئینجا بۆ ئەوەی بیرو باوەڕی موسڵمانان تێك بدەن فلیمی پێغەمبەر (عیسی) ((سەلامی خوای لەسەر بێت)) پەخش دەکەن، کە لەم فلیمانە کەسایەتی ئەو پێغەمبەرە بەڕێزە شێواوە و لەکەدار کراوە، و چەندەها ئەفسانە و شیرك تێکەڵ بە ژیانە پاکەکەی کراوە، بۆیە ئامۆژگاری موسڵمانان دەکەین کە تەماشای ئەم جۆرە فلیمانە نەکەن، ئەوە قورئان و سوننەتمان لەبەر دەست دایە کە بە پاکی و جوانی باسی کەسایەتی بەڕێزی ئەم پێغەمبەرە و پێغەمبەرەکانی تری کردووە...

**٢. بەڵگەی سوننەت:**

لە سوننەتی پێغەمبەریشەوە چەندەها دەقمان هەیە کە حەرامی ئەم جەژنەی تێدا بەدی دەکرێ بۆ ئێمەی موسڵمان، لەوانە:

((عن أنس قال: قدم رسول الله صلى الله عليه وسلم المدينة ولهم يومان يلعبون فيهما، فقال: ما هذان اليومان؟، قالوا كنا نلعب فيهما في الجاهلية، فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم: إن الله قد أبدلكم بهما خيراً، منهما يوم الأضحى ويوم الفطر))[٨]، واتە: ئەنەس ((ڕەزای خودای لێبێت)) بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: پێغەمبەر ((درودی خوای لەسەر بێت)) تەشریفی هاتە شاری مەدینە، ئەوان دوو ڕۆژیان هەبوو یاریان تێدا دەکردو کردبوویانە جەژنی خۆیان، فەرمووی: ئەو دوو ڕۆژە چنە؟ گوتیان: لەسەردەمی نەفامیدا یاریمان تێدا دەکردو کردوومانەتە جەژن، پێغەمبەر ((درودی خوای لەسەر بێت)) فەرمووی: لە ڕاستیدا خودای گەورە دوو جەژنی چاکترو باشتری بۆ ئێوە داناوە، ئینجا فەرمووی: جەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزان...

لەو فەرموودەدا بە ئاشکرا ئەوەی لێ وەردەگرین کە موسڵمانان تەنها دوو جەژنیان هەیە، جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان، کەواتە جەژن و ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی سەری ساڵی زایینی شتێکی بێ شەرعیە...

پێغەمبەر ((درودی خوای لەسەر بێت)) دەفەرموێ: ((من تشبه بقوم فهو منهم))[٩]، واتە: هەر کەسێك خۆی بچوێنی بە گەلێك ئەوە لەوانە...

[٨] رواه أبو داود ٣٦٤/١، (١١٣٤)، وأحمد ٢٥٠/٣، (١٣٦٤٧)، والحاكم ٤٣٤/١، (١٠٩١) والحديث صحيح صححه الألباني في مشكاة المصابيح ٣٢٣/١، (١٤٣٩).

[٩] رواه أبو داود ٤٤١/٢، (٤٠٣١)، وأحمد ٥٠/٢، (٥١١٤، ٥١١٥، ٥٦٦٧)، والطبراني في المعجم الأوسط ١٧٩/٨، (٨٣٢٧)، والبيهقي في شعب الإيمان ٧٥/٢، (١١٩٩) والحديث صحيح صححه الألباني في مختصر إرواء الغليل ٢٤٨/١، (١٢٦٩).

**لە لێکدانەوەی ئەو فەرموودەدا ئیمامی** (المناوي) ((رەحمەتی خوای لێبێت)) **دەفەرموێ: ((واتە هەر کەسێك خۆی بچوێنێ بە بێ باوەڕان و لاساییان بکاتەوە لە جلوبەرگ و لە کردەوە و رەوشت و ئاکارەکانیان و لەسەر رێبازو رێگای وان بڕوات، یان لە هەندێك لە کردەوەکانیان، ئەوە لەوانە، واتە حوکمی لە رۆژی دوایی وەکو حوکمی وانە))**[10].

**وە ئیمامی** (عمر) ((رەزای خودای لێبێت)) **لە سەردەمی خۆیدا موسڵمانانی قەدەغە کردووە کە ئامادەی ئەم جۆرە جەژنانە بن، هەروەك روو لە موسڵمانان دەکات و دەفەرموێ:** ((اجتنبوا أعداء الله اليهود و النصارى في عيدهم يوم جمعهم، فإن السخط ينزل عليهم فأخشى أن يصيبكم و لا تعلموا بطانتهم فتخلقـوا بخلقهـم))[11]، **واتە: خۆتان بپارێزن لە دوژمنانی خودا لە جولەکەو گاورەکان لە جەژنەکانیان بەشداریان لە گەڵدا مەکەن، چونکە غەزەب و تووڕەیی خودا بەسەریاندا دێتە خوار، جا من دەترسم ئێوەش وەکو وان تووشی ئەو تووڕەییە ببن بێ ئەوەی پێشی بزانن...**

**بەڵێ/ ئەوە ئیمامی** (عمـر) **ە** ((رەزای خودای لێبێت)) **دووەم خەلیفەی راشدینە، موسڵمانان قەدەغە دەکا کە بە شداری جەژن و ئاهەنگی جولەکە و گاورەکان بن، نەوەك تووشی تووڕەیی خودا بن...**

**٣. قسەی هەندێ لە زانایانی ئیسلام:**

(إبن تيمية) ((رەحمەتی خوای لێبێت)) **دەفەرموێ:** ((أن مشابهتهم في بعض أعيـادهم توجـب سرور قلوبهم بما هم عليه من الباطل خصوصا إذا كانوا مقهورين تحت ذل الجزية والصـغار فانهم يرون المسلمين قد صاروا فرعا لهم في خصائص دينهم فإن ذلك يوجـب قـوة قلـوبهم وانشراح صدورهم وربما أطعمهم ذلك في انتهاز الفرص واستذلال الضعفاء وهذا أيضا أمـر محسوس لا يستريب فيه عاقل فكيف يجتمع ما يقتضي إكرامهم بلا موجب مع شرع الصـغار في حقهم))[12].

**لێرەدا ئیبن تەیمیە** ((رەحمەتی خوای لێبێت)) **باسی هۆکار و حیکمەتی قەدەغەکردنی بەشداری کردن لە جەژنیان دەکات کە لەبەر ئەوە دروست نیە، چونکە خۆ چواندن و لاسایی کردنەوەی بێ باوەڕان لە هەندێك لە جەژنەکانیاندا لە لایەن موسڵمان، وا دەکا ئەوان دڵیان خۆش بێت بەو باتیڵ و پڕو پوچەی کە لەسەرینە، وا تەماشاو سەیری موسڵمانان دەکەن کە لقێکن لەوان لە تایبەت مەندیە ئایینەکانیان، وە ئەمە بیرو باوەڕو دڵیان بە هێز دەکات، جاری واش هەیە ئەمەی**

---

[10] بڕوانە (فيض القدير شرح الجامع الصغير: عبد الرؤوف المناوي، المكتبة التجارية الكبرى ـ مصر ـ، ط١، ١٣٥٦هـ: ١٠٤/٦، (٨٥٩٣).

[11] رواه البيهقي في شعب الإيمان٤٣/٧، (٩٣٨٥)، ورواه أيضا في سننه سنن البيهقي الكبرى ٢٣٤/٩، (١٨٦٤١).

[12] بڕوانە: إقتضاء الصراط المستقيم مخالفة أصحاب الجحيم: للإمام أبي العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني، مطبعة السنة المحمدية ـ القاهرة ـ، ط٢، ١٣٦٩هـ، تحقيق: محمد حامد الفقى: ٢١٩/١.

دەقۆزنەوە بۆ دژایەتی کردنی چەوساوان، جا مرۆڤی عاقڵ و ژیر چۆن دەبێ کاری وا بکات، لە کاتێکدا کە ئێمە ئایینەکەمان زاڵە بەسەر هەموو ئایینەکان و ئەوان لە ژێر دەستی ئێمە دانە، واتە هەق وایە ئەوان چاو لە ئێمە بکەن و بێنە سەر ئایینی ئێمە نەك ئێمە لاسایی ئەوان بکەینەوە و بگرە لەوانیش خراپتر بکەین...

ئینجا لەبەر ئەوە ئەم ئاهەنگ گێڕان و جەژنەیە، جەژنی ئێمە نیە لە رووی شەرعیەوە دروست نیە پیرۆزباییان لێ بکەین، هەروەکو (إبن قیم) ((رەحمەتی خوای لێبێت)) دەفەرموێ: ((وأما التهنئة بشعائر الكفر المختصة به فحرام بالاتفاق مثل أن يهنئهم بأعيادهم وصومهم فيقول عيد مبارك عليك أو تهنأ بهذا العيد ونحوه فهذا إن سلم قائله من الكفر فهو من المحرمات وهو بمنزلة أن يهنئه بسجوده للصليب بل ذلك أعظم إثما عند الله وأشد مقتا من التهنئة بشرب الخمر وقتل النفس وارتكاب الفرج الحرام ونحوه وكثير ممن لا قدر للدين عنده يقع في ذلك ولا يدري قبح ما فعل فمن هنأ عبدا بمعصية أو بدعة أو كفر فقد تعرض لمقت الله وسخطه))[١٣].

لێرەدا ئیبن قەییم ((رەحمەتی خوای لێبێت)) بە ئاشکرا روونی دەکاتەوە کە پیرۆزبایی لێکردنیان بە دروشمە کوفریەکانیان بە یەکدەنگی حەرامە و دروست نیە، ئینجا نمونە دەهێنێتەوە و دەڵێ: وەك ئەوەی پیرۆزباییان لێ بکەی بە بۆنەی جەژنەکانیان، یان رۆژووەکانیان و پێیان بڵێی: جەژنت پیرۆز بێت، یان پیرۆزباییتان لێدەکەم بە بۆنەی ئەم جەژنەوە، جا ئەمە ئەگەر خاوەنەکەی دوور بێت لە کوفرو هاوبەش پەیداکردن بۆ خودا، ئەوە لە حەرامەکانە، واتە خۆی تووشی حەرام کردووە، لە راستیدا ئەم پیرۆزبایی کردنە شتێکی بچووك نیە، وەکو ئەوە وایە کە پیرۆزبایی لێ بکەی بۆ کڕنووش بردنی بۆ خاچ (صلیب)، بەڵکو تاوانی گەورەترە لەوەی کە پیرۆزباییان لێ بکەی لەسەر عەرەق خواردنەوە و کوشتن و داوێن پیسی و زیناو، زۆر کەس لەوانەی کە خاوەن بڕوایەکی بەهێز نینە، تووشی ئەم تاوانە دەبن و ناشزانن خراپەی ئەوەندە گەورەیە، جا هەر کەسێك پیرۆزبایی لە بەندەیەك بکات لەسەر تاوانێك یان بیدعەیەك یان کوفرێك، ئەوە تووشی تووڕەیی خودا دەبێت.

هەروەها زانایانی سەردەمیش فتوای حەرامی ئەم جەژن و ئەهەنگ گێڕانەیان داوە ، لەوانە: ((محمد بن إبراهيم، عبد العزيز بن باز، محمد بن صالح العثيمين، أحمد بن يحيى النجمي، محمد علي فركوس، عبد الله بن عبد الرحمن الجبرين، سليمان بن عبد الله))[١٤]، چەندەها زانای تریش، خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر فتواکانیان...

---

[١٣] بڕوانە: أحكام أهل الذمة: للإمام أبي عبد الله محمد بن أبي بكر أيوب الزرعي ابن القيم الجوزية: دار إبن حزم - الدمام بيروت -، ط١، ١٤١٨هـ - ١٩٩٧م، تحقيق: يوسف أحمد البكري، شاكر توفيق العارودي: ٤٤١/١.

[١٤] بۆ فەتوای ئەم زانایانە و زانای تریش دەتوانی سەیری ئەمانە بکەی: ((اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء)) فەتوای ژمارە (٢٥٤٠)، سایتەکانی گوگل (حكم الإحتفال بعيد رأس السنة الميلادية).

ئێستاش بێینە سەر خاڵی دووەم.

**خاڵی دووەم: بابا نویل کێیە؟**

بۆ ئەوەی خۆمان لە خشتە نەبەین وا چاکە بزانین بابا نویل کێیە؟، ئەمەش خاڵێکی گرنگە، بۆ ئەوەی بزانین ئەو بابا نویلە کێیە کە ئەم هەموو ڕێکلام و پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێت و وەکو باوکێك و باپیرەیەك و ڕەمزێك سەیری دەکرێ، وە ئایا شایەنی ئەوەیە ئێمە شاری بۆ بڕازێنینەوە و خۆمانی پێ سەر قاڵ بکەین؟...

دیارە بۆ زانینی شتێکی ئاوا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکان و قسەی لەسەر بکەین...

بابا نویل یەکدەنگی لەسەر نیە دەربارەی ناوەکەی و ژیان و بەسەرهاتی و جێگای لە دایك بوونی، لە هەندێك لە سەرچاوەکانی مەسیحیەکاندا لە سەدەی حەڤدەهەمدا هاتووە دەڵێن: ناوی پیاوێکی قەشەیە (قەدیس) بەناوی (سانت نیقولاس)، باوکی ناوی (ئەبی فانیوس) ە و دایکی ناوی (تونە) بووە، لە سەدەی چوارەمدا ژیاوە لەناو خێزانێکی دەوڵەمەند، کە لە بنەڕەتدا یۆنانیە و بە تەنها لە دایك بووە لە شاری (میرا) ی ئێستای تورکیا، هەر بۆیە پێیان دەگوت: قەدیس میرا.

بابا نویل لە تەمەنی منداڵیدا منداڵیکی ژیر بووە، منداڵان و هەژارانی خۆش ویستووە و یارمەتی داون. نزیکەی هەشتا ساڵ ژیاوە و نزیکەی (٤٠) ساڵ کاری قەشایەتی کردووە.

ئینجا ڕای تریش هەیە کە دەڵێن: بابا نویلی ڕاستەقینە لە ئەوروپا سەری هەڵداوە و بەتایبەتی لە سوید، ئەوەش لە سەرەتای سەدەی یازدە، وە ناوی ڕاستەقینەی (سانتا نیکولاس)، کە بە شێوەکی زۆر منداڵانی خۆش دەویست و دیاری و یاری و شیرینی دەبەخشیە منداڵان، بە تایبەتی لە کۆتایی هەموو ساڵێکی زایینی، و لە سەرەتای سەری ساڵی زایینی...

ئینجا ڕای تریش هەیە کە بابا نویلی فنلەندی نکوڵی لەمە دەکات و پێی وایە کە بابا نویلی ڕاستەقینە لە فنلەندا سەری هەڵداوە، وە لە فنلەندا گوندێك هەیە بە ناوی لاپلاند Lapland کە جێگای لە دایك بوونیتی، وە ئەوەی شایەنی باسە کە ساڵانە نزیکەی (٧٥) حەفتاو پێنج هەزار منداڵ سەردانی ئەو گوندە دەکەن، بۆ ئەوەی بزانن بابا نویل چۆن ژیانی بردۆتە سەر...

ئینجا یەکەم وێنەی بابا نویل لەسەر دەستی شاعیری ئەمریکی (کلارك مۆریس) دروست بوو لە ساڵی ١٨٢٣ز، پاشان ئەو وێنەی کە ئێستا دەبیندرێ، کە گوایە وێنەی بابا نویلە کە وێنەی پیاوێکی پیر نیشان دەدرێ بە بەدلەیەکی سوور و ریشێکی درێژی سپی وەکو بەفر و پێڵاوێکی ڕەشی بریقەدار، ئەوە دەڵێن: وێنەکێشێکی ئەمریکی وێنەی کێشاوە کە ناوی (توماس نیست) ە، لە ساڵی (١٨٨١) ز، وە هەندێکی تر دەڵێن: لە ساڵی ١٨٦٠ ز ئەم وێنەی کێشاوە، بە گوێرەی ئەو بەسەرهاتانەی کە گوێی لێ ببوو لە ژیانەکەی، وێنەی کێشابوو، ئەوەش لە سەدەی (١٩) نۆزدەهەمدا لە ڕێگای یەکێك لە گۆڤارەکاندا کە ئەهەنگیان گێڕا بوو بە بۆنەی جەژنەکانی (کریسماس)، وە دەڵێن: ئەو وێنە کێشانە بۆ ڕێکلام کردن و بازرگانی کردن بوو بۆ کۆمپانیای

(كوكا كولا)...

ئينجا ژيان و بەسەرهاتی ئەو پياوە بلاوبۆوە لە زۆر ولاتانی جيهان لەوانە لە روسياو ئەوروپا بە تايبەتی و ئەلمانياو سويسراو هۆلەندا، وە دياريان دەبەخشی لە جەژنی لە دايك بووندا بەناوی وی، وە وای لێهات راستی تێكەڵ كرا لەگەڵ ئەفسانەدا، پاشان ناوی بابا نويل هات وەكو وشەكی فەرەنسی واتە: (أب الميلاد)، باوكی لە دايك بوون، وە بووە بەناو بانگترين كەسايەتی كە منداڵان لە جيهاندا خۆشيان دەويست...

ئينجا بابا نويل لە رۆژئاوا پێی دەگوترێ: (سانتا كلوز) (santa claus) لە كەنيسەی سريانيش بەناوی (مار زوخی) سەرخەر و چاك و پاكدا واتە: (المنتصر، الفاضل، الظافر، النقي، الطاهر)، دا هاتووە، لە رۆژئاوا ئەوە بلاوە كە قەديس (سانت كلوز) لەگەڵ ئێمە بێ، واتە خودا لەگەڵ ئێمە دايە، وە ووشەی بابا لە رۆژئاوا بە سەرۆكی كەنيسە دەگوترێ، جا (مار زوخی) يان (نيقولاس) يان (سانت كلوز) سەرۆكی قەشەكانی ميرا بووە...

كەواتە: ئەوان مەبەستيان لە بابا نويل ئەوەيە كە خودا لەگەڵ ئێمەدايە...

ئێستا هەندێك شارەزاييمان دەربارەی بابا نويل پەيدا كرد، بێينە سەر دارە سەوزەكە كە بە چرا و گلۆپ دەرازێندرێتەوە، بزانين ئەمە لە چيەوە هاتووە، پاشان قسەی خۆشمانی لەسەر بكەين.

لە راستيدا ئەم دارە هيچ پەيوەنديەكی بە لە دايك بوونی پێغەمبەر (عيسی) (سەلامی خوای لەسەر بێت) نيە، ئەمە كاتی خۆی رەمزێك بووە گەل و نەتەوە كۆنەكان بەكاريان هێناوە، لە (رۆما) خەڵك ماڵەكان و رێگاكانيان دەرازاندەوە بە بۆنەی ئاهەنگ گێران كە دەستی پێدەكرد بە هەفتەی كۆتايی لە ساڵی زايينيدا، لە (أثينـا) پايتەختی يۆنان ئاهەنگەكان لە ناوەراستی شاردا لە چواردەورەی دارێكدا دەبوو، ناويان لێدەنا (شجرة العالم)، داری جيهانی...

وە هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەكەن كە ئەم دارە دەگەرێتەوە بۆ سەدەی (١٠) دەيەم لە ئينگلترا، ئەو كاتی كەنيسە خەڵكی هاندەدا بۆ ئەوەی ئەم دارە بەكار نەهێنن لە ئاهەنگەكاندا، بەلام ئەو چاو لێكەريە زۆری نەخاياند تا بە شێوەيەكی بەر بلاو لە ئەوروپا بلاو بۆوە، بە تايبەتی لە سەدەی (٥) پێنجەم لە ناوچەی (ئەلزاس) لە فەرەنسا، كە ئەم دارەيان بەكار دەهێنا وەكو بير خستنەوەيەك بە داری ژيان (شـجرة الحيـاة) كە بەلای ئەوان رەمزێك بووە بۆ ژيان و رووناكی،پاشان بووە داب و نەريت كە چراو رووناكی لەسەر داگيرسێنن، وە دەڵێن: يەكەم داری گەورە كە رازاندرايەوە بەم شێوە لە كۆشكی پاشايی بوو لە ئينگلتەرا ساڵی ١٨٤٠ دوای زايينی لە سەردەمی پاشا (ڤكتۆريا)،

ئينجا ئەو داب و نەريتە لە يۆنانيەكان گوازرايەوە بۆ مەسيحيەكان كە دارە سەزەكە دەرازێننەوە بە بۆنەی لە دايك بوونی پێغەمبەر (عيسی) ((سەلامی خوای لەسەر بێت))، تا وای لێهات

ئەمە بووە داب و نەریتی زۆر لە ولاّتانی جیهاندا...

وە دەربارەی دیاری بەخشینیش بەم بۆنەوە، کە بووەتە داب و نەریتێك بەداخەوە هەندێ لە موسڵمانانیش لە جەژنی لە دایك بووندا دیاری دەبەخشن، ئەمە ڕەمزێکە بۆ پێغەمبەر (عیسی) ((سەلامی خوای لەسەر بێت))، واتە: بە قسەی وان ئەمە دیاریەکە لە لایەن خوداوە بۆ مرۆڤ، (پەنا بەخودا)، وە یەکەم کەس کە پلیتی لە دایك بوونی دانا بۆ ئەم جەژنە ناوی (کندول) ی ئینگلیزی بوو لە ساڵی ١٩٤٤ز، پاشان ئەمە زۆربەی ولاّتانی دونیای گرتەوە[١٥]...

خاڵی سێیەم: بابا نویل و پەیوەندی بە گەلی کورد

لە خاڵی سێیەمدا کەسایەتی بابا نویلمان روون کردەوە، ئێستاش باسی ئەوە دەکەین کە بابا نویل چ پەیوەندیەکی بە گەلی کوردا هەیە تا هەندێ کەس ئاوا بە گەرم و گوڕی ئاهەنگ دەگێڕن و یادی دەکەنەوە، وەك ئەوەی باوکی رووحیان یاد بکەنەوە؟

بەڵێ/ بەراشکاوی رای دەگەیەنین کە بابا نویل هیچ پەیوەندیەکی بە گەلی کوردا نیە، نە لە دوور و نە لە نزیك، لە سەرچاوەی خۆیاندا دەڵێن: قەشەك بووە لەسەر دەمی چوارەمی زایینی یان هەندێ زیاتر یان کەمتر ژیاوە، کەواتە چ پەیوەندیەکی بە ئێمەوە هەیە تا بۆی هەڵپەڕین؟

ئینجا ئەو کابرایە ئەگەر پیاوێکی چاکیش بوو بێت و هەژارانی خۆش ویستبێت و یارمەتی دابن و دیاری بۆ منداڵان بەخشیبێت، ئێمە سوپاسی دەکەین لەسەر ئەو کارە چاکانەی کە کردوویەتی لە سەردەمی خۆیدا، ئەگەر چاکەکانی بۆ دونیا بێت، ئەوە سوپاسی دەکەین، ئەگەر بۆ قیامەتیشی کردبێت، ئەوە خوای گەورە بە خۆی پاداشی دەداتەوە، بە مەرجێك خودا پەرست بوو بێت و هاوبەشی بۆ خودا پەیدا نەکردبێ...

---

[١٥] دەربارەی کەسایەتی بابا نویل سوودم لەم سایت و ماڵپەڕانە وەرگرتووە لە گوگل:

(منتديات يسوعنا)، www.yaso3na.com، (بابا نويل حقيقة أم أسطورة)، http:sqlb-church.com ، (منتديات الكنيسة) من أين جائت تسمية بابا نويل، (منتديات الكنيسة كنيستك الألكترونية)، (منتديات عينكاوة)، http:ankawa.com ، (شجرة الميلاد وسانتا كلوز طقوس ميلادية .. ولكن!)، (بابا نويل، شجرة الميلاد .. رموز يحتفل بها الكثير، ويعرف معناها القليل) syria-news.com، (syria-news2007) .

وە بۆ شارەزا بوون لە بابا نویل زیاتر ماڵپەڕی کەنیسە و مەسیحیەکانم بەکار هێناوە، چونکە ئەوان زیاتر شارەزانە، و خودی بابا نویلیش بە خۆیان دەڵێن: قەشەك بووە لەوان و لە سەردەمێکدا ژیاوە،

کەواتە بە راشکاوی ئەوان پێمان دەڵێن: بابا نویل هیچ پەیوەندیەکی بە ئێوە نیە و ئێوەی بەناو موسڵمان بۆ کردووتانە ڕەمزی خۆتان و هەموو ساڵێك یادی دەکەنەوە؟!.

بەڵام ئەوە هیچ مانای ئەوە نیە ئێمە هەموو ساڵی یادی ئەو پیاوە بکەینەوە و خۆمانی پێ سەر قاڵ بکەین، چ قازانجێك لەمەدا دەکەین؟

پاشان وەکو روونمان کردەوە ئەم وێنەی کە نیشان دەدەرێ وێنەی راستەقینەی بابا نویل نیە و وێنەکێشێکی ئەمریکی بۆ رێکلامی بازرگانی کردوویەتی، کەواتە: لە رووی زانستیەوە واتە: تۆ یادی کەسێکی خەیالی و ناڕاست دەکەیەوە، کە نازانی بۆ یادی دەکەیەوە؟، تەنها چاولێکەریە و بەس.

ئینجا لە خاڵی یەکەمدا لە رووی شەرعیەوە روونمان کردەوە کە ئەم ئاهەنگ گێڕان و جەژنەیە ناشەرعیە، تۆی موسڵمان دەبێ بیر لەمە بکەیەوە و بزانی بابا نویل کێ بووە؟، بێ ئەوەی ئاگات لێبێت و بزانیت تووشی هاوبەش پەیداکردن بۆ خودا دەبی، لە رۆژئاوا وشەی بابا نویل واتە: خودا لەگەڵماندایە، ئەی ئەمە شیرك نیە، تۆ کەسێك بکەیە خودا؟ با چاکیش بێت، لە رووی شەرعیەوە دروست نیە پێغەمبەرێك پلەو پایەی لە سنووری خۆی بەرز بکرێتەوە و بکرێتە خودا، چ جای ئەوەی یەکێکی ئاسایی بکرێتە خودا، هەروەکو پێغەمبەر ((درودی خوای لەسەر بێت)) دەفەرموێ: ((لا تطروني كما أطرت النصارى ابن مريم فإنما أنا عبده فقولوا عبد الله ورسوله))[١٦]، واتە: بەرزم مەکەنەوە لە سنوری خۆم، هەروەکو گاورەکان (عیسی) کوڕی مەریەمیان بەرز کردەوە لە سنووری خۆی و کردیانە خودا، من لە راستیدا تەنها بەندەی خودام، بۆیە بڵێن: بەندە و پێغەمبەری خودایە.

بۆیە ئەی موسڵمان بەشداری ئەم جەژن و ئاهەنگە مەکە تووشی تووڕەیی خودا دەبی، ئەمە جەژنی ئێمە نیە، ئەوان با بە ئارەزووی خۆیان بکەن و ئازاد بن لە مەدا، کەسیش ئازادی لەوان زەوت نەکردووە، ئەوان با سەرپشك بن لە کاری خۆیاندا دەیکەنە جەژنی خۆیان یان نایکەن، ئەم جەژنە بە راست دەزانن یان ناڕاست، خۆیان بەرپرسیارن لەمەدا، بەڵام ئەی موسڵمان تۆ بۆ چاو لەوان دەکەی؟

تۆ بەرنامەت هەیە کە قورئانە، پێغەمبەرت هەیە ((درودی خوای لەسەر بێت)) کە ناوی (محمد)، بۆ چاو لەو پێشەوایە دڵسۆزە ناکەی و لەسەر رەوشت و رێبازەکەی ناڕۆی؟

خودای گەورە دەفەرموێ: ((لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة لمن كان يرجوا الله واليوم الآخر وذكر الله كثيرا))[١٧]، واتە: پێغەمبەری خودا سەرمەشقی چاکە و مامۆستاو پێشەوایە بۆ ئێوە و بۆ هەر کەسێك کە ئومێدی رەزامەندی بە خودا و رۆژی دواییە، و زۆر یادی

---

[١٦] رواه البخاري ١٢٧١/٣، (٣٢٦١، ٦٤٤٢)، ومالك ٣٣/١، وأحمد ٢٣/١، (١٥٤، ١٦٤، ٣٣١، ٣٩١)، والدارمي ٤١٢/٢، (٢٧٨٤)، وابن حبان ١٤٥/٢، (٤١٣، ٤١٤، ٦٢٣٩)، والطبراني في المعجم الأوسط ٢٦٥/٢، (١٩٣٧)، والبيهقي في شعب الإيمان ١٨٢/٢، (١٤٩١) والحديث صحيح صححه الألباني في الجامع الصغير وزيادته ١٣٣٢/١، (١٣٣١٩) وفي مشكاة المصابيح ٦١/٣، (٤٨٩٧).

[١٧] الأحزاب: ٢١.

خودا دەکا.

وە هەروەها خودا دەفەرموێ: ((... فليحذر الذين يخالفون عن أمره أن تصـيبهم فتنـة أو يصيبهم عذاب أليم))[18]، واتە: با بترسن ئەوانەی کە سەرپێچی فەرمانەکانی پێغەمبەر ((دروودی خوای لەسەر بێت)) دەکەن بەوەی کە بەڵایەکیان بەسەردا بێ، یان تووشی سزایەکی بەهێزو سەخت بن...

بەڵێ/ ئەی موسڵمان و کۆمەڵگای موسڵمان بەشداری ئەم ئاهەنگانە مەکەن، ئەمانە ئاهەنگ و جەژنی ئێمە نینە، نەك هەر بەشداری بەڵکو دیاریش وەرمەگرە و مەبەخشە بەم بۆنەوە، بیرو باوەڕی پاك و ڕەسەنی خۆت مەگۆڕەوە بە شتێکی خەیاڵی و ناڕاست و شیرك.

بەداخەوە هەندێ کەس هەیە بە دوای هەموو شتێك دەکەوێ تەنها ڕاستی نەبێ، تەنها لە خراپەکانیش چاولێکەری و لاسایی خەڵکی دەکاتەوە، ئەگەر نا خۆ ئەوروپا و وڵاتانی ڕۆژئاوا شتی چاکیان زۆرە ئەی بۆ خەڵکی ئێمە لە شتە چاکەکان چاویان لێ ناکا؟، بۆ لێیان فێری زانست و زانیاری و تەکنەلۆجیا نابێ، بۆ لەوان فێری پاك و خاوێنی نابێ، بۆ لەوان فێری یاسای جوان و ڕێك پێك نابێ، بۆ ئەوەی ئەمانە و چەندانی تر بۆ خزمەتی خاك و گەل و نیشتمان بەکار بێنێ، بەڵام بە پێچەوانەوە هەڵدەستێ لە جلوبەرگی تەسك و تریسك چاویان لێدەکا، لە گۆرانی و سەماکردن و بەدرەشتی لاساییان دەکاتەوە، لە بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆجیا... هتد.

ئەمە ئەو فەرموودەی پێغەمبەرمان ((دروودی خوای لەسەر بێت)) بە بیر دێتەوە کە دەفەرموێ: ((لتتبعن سنن الذين من قبلكم شبرا بشبر وذراعا بذراع حتى لـو دخلـوا فـي جحـر ضـب لاتبعتموهم، قلنا يا رسول الله آليهود والنصارى ؟قال: فمـن؟))[19]، واتە: ئێوە بە دوای ڕێبازو ڕێگای پێش خۆتان دەکەون بست بە بست و گەز بە گەز، تا ئەگەر بچنە ناو کونی بزن مژەش ئێوە بە دوایان دەکەون، هاوەڵەکانیان گوتیان: مەبەست جولەکە و گاورەکانە؟، فەرمووی: لە دوای وان کێی تر هەیە، واتە: ئەوانن...

---

[18] النور: ٦٣.

[19] رواه مسلم ٢٠٥٤/٤، (٢٦٦٩)، وأحمد ٣٢٧/٢، (٨٣٢٢، ١١٨١٧، ١١٨٦١، ٢١٩٥٠)، والطبراني في المعجم الكبير ٢٤٣/٣، (٣٢٩٠، ٦٠١٧)، والنسائي في سنن النسائي الكبرى ٣٤٦/٦، (١١١٨٥) والحديث صحيح صححه الألباني في الجامع الصغير وزيادته ٩٢٠/١، (٩١٩٤).